حاڵ وباروگوزەرانتان لەو شتانەیە کە تووشی نیگەرانی کردووم لە پاش خۆم، وکەس ناتوانێت ئارام بگرێت لەسەرتان؛ تەنها ئەوانەی لەڕاستیدا ئارامگرن

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «حاڵ وباروگوزەرانتان لەو شتانەیە کە تووشی نیگەرانی کردووم لە پاش خۆم (پاش مردنم)، وکەس ناتوانێت ئارام بگرێت لەسەرتان (بۆ پەیداکردنی پێداویستیەکانی ژیانتان)؛ تەنها ئەوانە نەبێت لەڕاستیدا ئارامگرن»، پاشان عائیشە (بە ئەبو سەلەمە) دەڵێت: خوای گەورە خواردنەوە لە سەلسەبیلی بەهەشت ببەخشێت بە باوکت، مەبەستی عبد الرحمان کوڕی عەوفە؛ چونکە مووڵکێکی (باخێکی) بەخشی بە خێزانەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، دەووترێت: فرۆشرا بە چل هەزار (دینار).

[حەسەنە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەبو سەلەمە کوڕی عبدالرحمان کوڕی عەوف -ڕەحمەتی خوای لێبێت- لە عائیشەوە دەیگێڕتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە خێزانەکانی فەرموو: حاڵ وباروگوزەرانتان لەو شتانەیە کە تووشی غەم ونیگەرانی کردووم لە پاش مردنم، چونکە هیچ میراتێکم بۆ ئێوە جێنەهێشتووە، وکەس ناتوانێت ئارام بگرێت لەسەر پەیداکردنی پێداویستیەکانی ژیانتان؛ تەنها ئەوانە نەبێت لەڕاستیدا ئارامگرن، پاشان عائیشە بە ئەبو سەلەمەی ووت: خوای گەورە خواردنەوە لە ڕووباری سەلسەبیلی بەهەشت ببەخشێت بە باوکت، مەبەستی عبد الرحمان کوڕی عەوفە -ڕەزای خوای لێبێت-؛ چونکە عبد الرحمان مووڵکێکی (باخێکی) بەخشی بە خێزانەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، فرۆشرا بە چل هەزار دینار.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11196